# Referendum Movement in Kurdistan

**پرسەی کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندوم _ دەرەوەی وڵات**

**وا کەرەتێکی تر شەمشەمە کوێرەکانی ئەشکەوتەکان ، هەڵگرانی بیری رەش و کۆنە پەرستی ، دەستی غەدریان بە خوێنی لاوی کورد سوورکردەوە و دێری پڕشەرمەزاری تریان بۆ خۆیان و رێبازە تۆقێنەرەکەیان تۆمار کرد .**
**تاوانی 4 . 5 . 2005 لەشاری مەنارە و قەڵا ، پەڵەیەکی رەشە بە ناوچەوانی تیرۆرستانی دڵرەشی دژبە ژیان و مرۆڤایەتی . شەهیدانی 4 . 5 . 2005 شەهیدانی هەموو کورد و مرۆڤایەتین و برینەکەشی لە جەستەی هەموو کوردستاندایە ، ئەو کارەساتە ئەو راستییەی سەلماند کە پێویستە کورد لە هەموو کاتێکی تر زیاتر ماڵی خۆی توند و تۆکمەتر بکات بەرامبەر ئەو مەترسیانەی روی تێدەکات و دەبێ ئەمرۆ لە هەموو رۆژانی تر زیاتر پەنا بەرێت بەر یەکێتی ریزەکانی و سوورتر بێت لەسەر داخوازییە رەواکانی ، هەر بۆیە یەکگرتنەوەی ماڵی کوردی و سەقامگیرکردنی هەنگاوەکانمان بەرەو سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان و بە دیهێنانی ئاواتی دێرین و نوێی میللەتەکەمان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ، بەرزتر و پیرۆزترین خەڵاتە بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە و گشت شەهیدانی کوردستان .**

**ئێمە بەتوندی ئەو کارە درندانە لەرزۆکە ریسوا دەکەین و بەتیرورستان دەڵیین کە میللەتی کورد لە کارە چەپەڵکانیان بە هێزترە ویەکێتی ریزەکانی هەموو مەرامە گڵاوەکانیان بووچەڵ دەکاتەوە ، داوا لە یەزدان دەکەین شەهیدان بە بەهەشتی بەرینی شادکات و هیوای چاك بوونی بە پەلەش بۆ بریندارەکان دەخوازین .**

**سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی 4 . 5 . 2005 و گشت شەهیدانی کوردستان .**
**سەرکەوتووبێت یەکدەنگی میللەت ، روو لە پێشەوە بۆ بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆ .**

**کۆمیتەی باڵای بزووتنەوەی ڕیفراندۆم _ دەرەوەی وڵات**